چیرۆکی وەرگێڕدراو

# چەند مینیماڵێکی "ڕەسوڵ یۆنان"

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

## بەفر

لە پێچەکەدا لێک جیابوونەوە. یەکیان زیندانی بوو، ئەویتریشیان زیندانەوان. زیندانییەکە ماوەی حوکمەکەی تەواو کردبوو، زیندانەوانەکەیش ماوەی خزمەتەکەی. جانتاکانیان پڕ بوو لە ڕابردوو، خاولی کۆنە، گوێزانی ڕیش تاشینی ژەنگ گرتوو، ئاوێنەی بەر باخەڵ.. ئەوان چارەنووسێکی هاوبەشیان هەبوو. هەردووکیان بیرەوەریی خۆیان لەپشت شیشی زیندانەکەوە هەبوو، کاتێک لە پێچەکەدا لەیەک جدابوونەوە، بەفر بەیەکسانی بەسەر هەردووکیاندا دەباری.

## شێت

وتی: ئەم دەریایە ماڵی منە کەس مافی ئەوەی نییە لێرە ماسی بگرێت.

خەڵکەکە پێکەنین

بەردەوام بوو:

هەر کەس دەیەوێ بێ لە منی بکڕێت.

دیسان خەڵکەکە پێکەنین.

کابرا بەوەی کە بووە مایەی گاڵتەجاڕی کەوتە گریان. لەکاتێکدا دەریای ناو تابلۆی سەردیوارەکی کردە باوەشی، هاواری کرد:

بۆچی تێناگەن. جگە لە من کەس ناتوانێ لەم دەریایەدا ڕاوە ماسی بکات.

## تاوانبار

وتی: من فریشتەم!

قازی وتی: کوا باڵەکانت؟

وتی: باڵەکانمیان بڕیوە!

قازی باوەڕی نەکرد. کەوتە پێکەنین، بەتاوانی نەبوونی ناسنامە زیندانی کرد. وەختێ ویستیان کەلەپچەی کەن، کتوپڕ چەند فریشتەیەک لە پەنجەرەکەوە هاتن و بردیان.

کاتژمێرێ دواتر قازی لە کتێبە یاساییەکاندا بەشوێن مادەیەکدا دەگەڕا پێوەندی بەسزادانی تاوانبارانەوە هەبێت لە ئاسمان.

## داهۆڵ

خاوەن باخەکە، باخەوانی ئیزن دا و وتی:

دەمەوێ چەند ڕۆژێک لێرە تەنیابم.

تەنانەت داهۆڵەکانیشی لەناوبرد. دوابەدوای ئەم ڕووداوە باڵندەکان هروژمیان برد تا ڕەزە ترێکە تەخت و تاراج کەن. خاوەن باخەکە لەناچاریدا دووبارە داهۆڵەکانی لە ناوەڕاستی باخەکەدا دانایەوە.

ئامادەیی داهۆڵەکە لە ئامادەی خۆی باشتر بوو. جگەرەکەی لە دەموچاوی خۆیدا لە ئاوێنەکەدا کوژاندەوە. دواتر بۆینباخەکەی لە ملی خۆی کردەوە و کردییە ملی داهۆڵەکە.